٢) ئەگـەر هـات و ژمـارەی ئەنـدامانی دەسـتەی گـشتی لـە ( ٥٠٠ ) ئەنـدام زیـاتر بـوو ، ئـەوا ، هەڵبژاردنەکـە لـە ڕێگـەی بریکارەکانـەوە ئـەنجام دەدرێـو ، ڕێـژەی نوانـدنیش لەلایـەن ئەنجوومەن یائەوەی کە فرمانی هەڵدەسوڕێنێ ، بە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکاکەشەوە ، دیاری دەکرێ.

**ماددەی دووەم :**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ، پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار ٠

**ماددەی سـێیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڕیار لەسەر دانییەوە دەخرێتە کارو لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاْودەکرێتەوە ٠

**د.ڕۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**

## بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان

**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ١٠**
**ڕۆژی دەرهێنـــان : ٢٠٠٠/٤/١٩**

## " بـڕیـــار "

پـــشت بـــەو دەســـەلاْتەی کەبـــەپێی بڕگـــە (٣) ی مـــاددە (٢) لەیاســـای ژمـــارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەســـــــەر ئەوبنەمایـــــــەی کـــــــە ئەنجوومـــــــەنی نیـــشتیمانیی کوردســـتانی عێـــڕاق لـــە دانیـــشتنی ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/١٩یـــدا یاســـاکاری کردوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا

**یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ( ٢٠٠٠ )**
**هەموارکردنی یاسای ژمارە ( ٩ ) ساڵی ( ١٩٩٩ ) ی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستیەکەن**

**مادە ی یەکـەم :**

مادەی هەشتەمی یاساکە هەمواربکرێ ، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە

١) دەسـتەی گـشتی لەهـەموو ئەنـدامانی سـەندیکا ، یابریکارەکـان،کەبـەپێی ئـەم یاسـایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە پێکدێت ، ئـەم دەسـتە گـشتیەش بـەبالاَ تـرین دەسـەلاَتی سـەندیکاکە دادەنـرێ و ، هـەر ٣ (سـێ) سـالَیش جـارێ ، لـەمانگی کانوونی‌دووەمـدا ، کۆبـوونەوەی گشتی ئاسایی خۆی‌لە بارەگای سەندیکاکە ، بەبڕیارێکی‌ئەنجوومەن و لەسـەر داواکردنی سەرۆکی سەندیکا (نـەقیب) دەگێـڕێ و ، لـەو کۆبونەوەیـەدا سـەرۆکی سـەندیکاو هەشـت ئەنـدام و دوو ئەنـدامی یـەدەگیش بـۆ ئەنـدامێتی ئەنجوومـەن ئەنـدامی لێژنـەی (ئینزیبات)هەلَدەبژێرێ،(نصاب)یش بەئامادەبوونی دوو لە سێی ئەندامانی دەسـتەی گـشتی دێتـە جـێ و ئەگـەر نەشـهاتبەجێ ئـەوا لـەوبارەدا دوای تێپـەڕبوونی پـازدەڕۆژ بەسـەر کۆبوونەوەی یەکەمدا هەلبـژاردن لەهـەمان کـات و جێگـەدا ئـەنجام دەدرێ‌و (نـصاب )یـش بەئامادەبونی سێیەکی ئەنجامدانی دەستەی گشتی‌و ئەگەر نەشـهاتبەجێ ئـەوا ئەنجوومـەنی پێشتر بۆ خولێکی دیکەش بەردەوام دەبێت

٢) ئەگەر هات و ژمارەی ئەندامانی سەندیکا لـە (٥٠٠) ئەنـدام زیـاتر بـوو ، ئـەوا هەلَبژاردنەکـە لەڕێگەی بریکارەکانەوە ئەنجام دەدرێ‌و ، ڕێـژەی نوانـدنیش لـەلایان ئەنجوومـەن یائـەوەی کـەفرمانی هەلَدەسـوڕێنێ ، بەئەنـدامی ئەنجومـەنی یائـەوەی کـەفرمانی هەلَدەسـوڕێنێ بەئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە دیاری دەکرێ .

**مادەی دووەم :**

وەزارەتە پەیوەندارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەگەڕ .

**مادەی سێیەم :**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڕیار لەسەردانیەوە دەخرێتەکارو لەرۆژنامەی ڕەسمیدا بلاَودەکەینەوە.

**د.رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**